ژمارە 132
25-1-2012







سایقی ماتۆڕەکەمان بەسواری حوشترێکی جووت کۆپانەوە گێژەگێژ بەلاماندا تێپەڕی و ئێمەش لێی چوینە پێشەوەو لێمان پرسی: ئەرێ کاکە ئەوە لەکوێ بووی؟ وتی: ئائێستا لە وڵاتی مەغریب هاتومەتەوەو نانیشم نەخواردوە، وتمان بۆچی چویت بۆ مەغریب؟ وتی: چووم بۆ بینینی حەزرەتی (مەولانا حەسەن)ی جێنشینی پادشای مەغریب، بۆ ئەوەی بزانم ئەمە چ زاتێکە وا ئەم هەموو وەزیرو گزیرو پیاوە مل ئەستورانە دەستی ماچ دەکەن؟ ئێمەش وتمان: کەواتە ئیشێکی باشت کرد بەخزمەتی ئەو ڕیش سپییە نورانییە گەیشتی، وتی: کورە بابە ڕیش سپی چی و نورانی چی؟ ئەو تەمەنی ٩ ساڵەو حەفازەکەشی ٩ کیلۆغرام بەس هەرامەی تێدایە!!

## مەلەوانی و ڕۆژنامەوانی

میدیا: ئێواران
لە ناو بازارەکان
تەکسی دەست ناکەوێ
گەپ: بۆ پیاوان ئا، بەڵام بۆ کچی جوان زۆرە!
هەواڵ: کوڕانی زێڕنگەر، بازاڕی خۆشەویستیان گەرمە
گەپ: ئاخر مەعەدەل لەناو گەرمەی ڕووداوەکاندان!
هۆنیا: داپۆشینی تەواوی تاڵە سپییەکان تەنها بە (٥) خولەک
گەپ: تاڵێک بە دەیان ساڵ سپی بوو بێت، کەی ڕەوایە بە ٥ خولەک داپۆشرێتەوە
لڤین: کوردستان تاوانبارە تا ئەو کاتەی هاشمی تەسلیم بە بەغداد دەکاتەوە
گەپ: چەند حەزت لە مەوزوعی وەهایە !!
گوڵان: زەحمەتە تونێلی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق بەم زووانە ڕووناکی لێ دەربکەوێت.
گەپ: جا ئەوە کەی موشکیلەیە؟ هەموو سیاسیەک پڕۆجەکتەری کارەبای فوولی پێیە.

سڤیل:
جەنگی ساردی دووەم بەرێوەیە
گەپ: هەرچۆنێک بێ لە بەهارە ڕیشدارەکەی عارەب باشترە!
کوردستانی نوێ: ڕۆڵی نەوت لە بنیاتنانی کۆمەڵگەی عیراقدا.
گەپ: لەوەتای هەیە، کۆمەڵگەکەی برسی و بنیاتەکەی گەندەڵ دەکات.
چرکە: ئەوانەی هەڵگری دروشمی چاکسازین بە پلەی بەرزی وەزیفی خانەنشین کراون.
گەپ: بەخوا چاکیان بۆ خۆیان سازکردووە
لڤینی نوێ: کچە ڕۆژنامەنووسەکان چیان بەسەر دێت؟
گەپ: شوو دەکەن و دەبنە مشەفەر!
ئاوێنە: بەهای تمەن هارەی کرد، کەچی نرخی کاڵای ئێرانی وەک خۆیەتی.
گەپ: ئەی نازانی جادەی تجارەت ئۆتۆبانی شەش سایدە!
خەبات: ئاو لە شەکرەت دەپارێزێ.
گەپ: ئەمە بۆیە ئێران لێمان دەگرێتەوە! لە ئەڵوەن!

ڕێگای ئازادی : ئەگەر کابینە دروست نەبوو.
گەپ: دەیکەین بە خانوو!
باس: گەڕاوەکەی هیزۆب نەخۆشیەکانی پێست چارەسەر دەکات.
گەپ: ئەی نیمانە گەندەڵی چارەسەر بکات؟
هاوڵاتی: پەرلەمانتاری بەڵێندەر.
گەپ: مەبەستت بەڵێنی تجاری یا خزمەتگوزارییە؟!
ڕووداو : گەڕاندنەوەی موڵکی گشتی خاوبووەتەوە.
گەپ: ئاخر زۆریان ڕاکێشا
ئاوێنە: کێ لەم کەموکورتییە بەرپرسە ؟
گەپ: حەمە تراوبی!
هەواڵ: پەیامنێری کەناڵە ئاسمانیەکان و تیڕوانینێک.
گەپ: هەنێکیان فیتنەو فزوڵ و هەنێکیان عازف جوزەلەن.

# کۆمەڵایەتی

جۆرەکانی زەواج







بابان

سلێمانی



ژمارە 132
25-1-2012

# بۆچوون



ڕۆستەم زادە
- خامۆ -



## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات

نووسینی:
عەبە سی فاق

(ئاشتەوایی)

**تەحلیلی سیاسی:**

ئەم دەستەواژەیە لەڕوی سیاسییەوە ئەگەر هەبێ شتێکی زۆر باش و خۆش و چاکە، لەبەرئەوەی ئاشتەوایی سیاسی هەنگاوێکی درێژە بۆ یەکخستنەوەی ماڵ و حاڵ و کەل و پەل و ترو تفاقی سیاسی و یەکخستنەوەی ئەو وتارە سیاسیانەی کە هەریەکەو لە ئاوازێ دەخوێنن!!

**تەحلیلی کۆمەلایەتی:**

ئاشتەوایی لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە لە هەرچی گوێزو گەزۆو باسوق و سجوقی دنیا هەیە تامی خۆشترە، چونکە جاری وا هەیە ئاشتەواییەکە ئەوەندە خەست و خۆڵ دەبێتەوە تەنانەت ژن و ژنخوازیشی تێدەکەوێ، جا کوڕ ئەو کوڕەیە دەستپێشخەری بکات بۆ ئاشتەوایی!!

**تەحلیلی ئـــابــــووری:**

ئاشتبوونەوەو دەست لەملانێی دوو تـەرەف لەڕوی ئابورییەوە هێندەی قـەبـارەی وەزعەکە مەسروفاتی دەوێ، ئیتر ئایا تەرەفەکان سیاسی بن یان توجاری بن یان دلداری بن هەر کولفەی دەوێ، دلدارەکان شیرینی دەبەخشنەوە، توجارەکانیش کۆیدەکەنەوە،

سیا سییە کا نیش لەخۆشیا پارەو سەیارەو عـەرزەو ڤێللا بەسەر یەکتریدا ئەپەخشێنن!!

NAMO



## هەر لۆ فشەی

## شێخە فشە

هەیە (٥٠) خانی هەیە، هەشە (٥٠) سارە وەکی من کرێچییە.. ساری ١٩٨٧ شەڕی ئێران و عێراق لە گۆڕێ بوو، بە تۆبزی ژنیان لۆ هینام، هەر بە تۆبزیش داک و بابم هەر لۆ فشەی وەدەریان نام و بوومە کریچی! گۆتم: پاش ڕاپەڕینی لە کرێچیاتی نەجاتم دەبی، هەر لۆ فشەی دەبمە ساحێب خانی!.. ئەوە چەند سارە لە هەرێمەکەی خۆمان.. سوپاس لۆ خوای.. نزیکی (٥٠) سارە کرێچیمە! ئەگەر خودا عەمر بدا، ڕەنگە ٢٠ ساری دیش کرێچی بم، دەرێن ساری ٢٠١٢ کورد دەبێتە عوکمەت لە کرێچیاتی دەبیتە ساحێب خانی خۆی..! بە کوێرایی چاوی دوژمنان ئەو ڕۆژە هەردێ.. هەر لۆ فشەی کورد دەبێتە عوکمەت هەر لە هەنکەوە دەزانم ئەو کاتەش هەر کرێچیمە نابمە ساحێب خانی، قەیناکە قیروسیا.. خوابکا کورد ببیتە خاوەن ماروحاری خۆی، با ئەمن هەر لۆ فشەی کرێچی بم!

بەرامەکو خەفەت لۆ ئەوەی دەخۆم.. هێشتا کورد نەبوویتە ساحێبی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، ئەو مەسئولانە نیوەیان بەناو کردییە! ئەی ئەگەر بینێ.. ئەوان چ دەکەن؟!




**ڕوونکردنەوە**



دەمیک ساڵە بە نازناوی (شێخە فشە) نووسین بڵاو دەکەمەوە، بە تایبەت ئەگەر تەنز بیت، لەم گۆشەیەی (هەر لۆ فەشە) کە ٨ ساڵە لە گەپ بڵاوی دەکەمەوە، ئەوەی بە ووردی خویندبێتەوە، نەک خوانەخواستە سوکایەتی بێ بۆ (شێخ) تەنها بۆ تەنزە، تەنانەت لە نووکتەو سەرکوزشتە ئەدەبیەکانی کورددا ئەم نازناوانە باوە هەڵبژاردنی (شێخە فشە) دەگەڕێتەوە بۆ درامایەکی کۆمیدی بە نێوی (چوار فالچی) لە نواندنی هونەرمەندان سەباح عەبدولرەحمان و عەبدولرەزاق شەمسەدین، یەکیان بە فالچییەکەی دەگوت: (ئەگەر پێدەڵێم: شلێخە فشە پێت ناخۆشە! ئیدی لەو ساڵەوە ١٩٧٦ تا ئێستا ئەم نازناوەم بۆ نووسینە تەنزەکانم هەڵبژاردووە، تەنانەت برادەرەکانم لە هەموو جێیەک بە (شێخە فشە) گازم دەکەن! بۆ زانیاریش من ناوم (شوان غەمبارە)ە و لە نووسینەکانی دیکەدا بە ناوی خۆمەوە دەنووسم و بە وێنەی خۆمەوە بڵاویان دەکەمەوە.. بۆ بەرچاو ڕۆشنی خوێنەران بە پێویستم زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە بڵاو بکەمەوە.

**شوان غەمبار**

## بۆچوون

### مۆبایلە شیعر — بلەنۆکیا

بلەی داماو ڕەنجەرۆیە
بە عیشقی فاتە سووتاوە
دڵم دەرکە و لێی بڕوانە
چۆن وەک پاقلە بۆت کوڵاوە
کۆتر ئەکرم ئەچمە سەربان
بە بۆنەی تۆ ئازیزەکەم
تۆش بێ ڕوحمی دەرناکەوی
بۆ خۆم بۆنی جیقنە ئەکەم
بەم دووربینە ئەڵمانییە

چاو دەگێرم بە رۆژو شەو
بۆ بەم دڵەی من نازانی؟
بێ تۆ نیمە خۆراک و خەو
تەلەفۆنت داخستووەو
بێ باک لە عیشقم ئەڕوانی
بە نامەیەک یان بە نوکە
نەجاتی دە دڵەی شێتم
لە سەربان و چاوەڕوانی...

# بە ئاوەزوویی ڕاستە



**نەجات حەمید**
هەولێر

ئێمەو کارەبای نیشتیمانی هەقایەتێکی دوورو درێژمان هەیە،ئەو دوو جمکە عاشقەین هەر لە دوای ڕاپەڕینەوە مێژووی عەشقمان بە چراو تیشکی مانگ دەنووسینەوە، سوێندمان خوارد دەستبەرداری یەکتر نەبین و بگرە بە سەدان کەس عەشقی کارەبا لێیدان و گیانیان لە دەست دا و دەتوانم بلێم: وەکو لەیل ومەجنوومان لێ هاتووە و کارەبای موەلیدەی گەڕەکیشمان لێ بۆتە بەکرۆک. چۆن؟

مەجنوون لە تاو شووکردنی لەیلا دەستی نایە ناو پشکۆیەک ئاگرەوە،ئێمەش لە تاو شۆرتی کارەبا دەستمان نایە ناو تەزووی کارەباوە، مەجنوون لە تاو لەیلا وێڵی سەحرا بوو،ئێمەش لە تاو نەهاتنەوەی کارەبا وێلی سەربان وحەوشە بووین،ولە تاو دووپشک وسیسارک وخەمە گڕوو مار شەوانە فرمێسکی زۆرمان لە گەڵ باوێشکداندا ڕشت،مەجنوون لە سەحرا لە تاو برسێتی وتێنوێتی دەم وچاوی سیس بوەوە،ئێمەش لە چاوەڕوانیی کارەبادا هاوینان عارەقەی شینی عەشقمان ڕشت ولە زستاندا سەرمای هەست تەزێنمان نۆش کرد. مەجنوون کە لەیلای دەبینی گیانی دەلەرزی ولە بەر خۆیەوە وڕێنەی دەکرد،ئێمەش کە کارەبامان دەهاتەوە بە یەک دەنگ هاوارمان دەکرد (ئەرێ وەللا کارەبا هاتەوە ).مەجنوون وازی لە کاروکاسبی هێنابوو،ئێمەش باجێکی گەورەی مانگانەی کارەبا ی نیشتیمانی وگەڕەک دەدەین ویەکێک کە پارەیەکی زۆری کارەبای بۆ هاتبوو بە فەرمانبەرەکەی گوتبوو: ئەرێ برا ئەگەر من لە جیاتی ئاوو نان وایەرو پلاک وگلۆپی کارەبام بخواردایە ئەوەندە پارەم نەدەڕۆیی، لێرەدا ئێمە لە مەجنوونمان بردۆتەوە .مەجنوون لە تاو تێنوێتیی سەحرا هەوای زەمهەریری هەڵدەمژی وهاواری دەکرد تۆ لە کوێی لەیلا،ئێمەش لە تاو نەبوونی ئاو بە هۆی نەبوونی کارەباوە قوممان لە سۆندەی موزەخە دەداو کارەبا دەکوژایەوەو هاوارمان دەکرد بۆ ڕۆیشتی کارەبا.باش نیە مەجنوون قومی لە سۆندە نەدەداو کارەبا وشکی نەدەکردەوە!

ژیان گۆڕا ئاومان زۆربوو، .شارەکانمان شانی له شانی شاره جیهانیه‌کاندا گوندەکانمان پڕ لە ژیان کرانەوە،کێڵگەو دارستانەکانمان سەوز دەچنەوە،تازەترین مۆدێلی ئۆتۆمبێل وهێڵی فڕۆکە فڕکەیان دێ بە سەر ئاسمانماندا،نوێترین تەکنۆلۆژیای زانیاریمان هەیە، کەچی لە گەڵ کارەبا بە یەک نەگەیشتین وکارەبای موەلیدەی گەڕەک قەت ناهێڵێ بە یەک بگەینەوە! هەواڵی دڵ تەزێنی بەرزبوونەوەی نرخی کارەباو کەم بوونەوەی لە پڕی و ئنجا بەرز بوونەوەو دابەزین ووابزانم لە کۆتاییدا عومرمان تەواو دەبێ و لە کۆڵ موەلیدە نابینەوە،تکایە مەڵێن ئامین!!

## عال گۆرانی



دەهۆڵ کوت

بەجوانی یارم سارسامم هەر ئەڵێی تازە بووکە
فیشەک باوی نەماوە نۆرەی شەڕی فەیسبوکە
خەڵکینە مەیکەن لۆمەم ئەمشەو بەختم نوستوە
خاڵم لەدوای حەفت مناڵ فێرە دڵداری بووە
بەینۆ بەینۆ هاوین کەپرێ ئەکەینۆ
تا چاڵێک چاک ئەکەن ئاوی شارێک ئەبڕنۆ
لەتاو دوری یاری خۆم وەختە بمرم لەغەما
دووفلس مەعاش زیادی کرد یەکسەر بایعی نەما
چاو باریک ئەبرۆ قەیتان قەوڵت داوە بە چەندان
هەر مناڵێک هەڵدەستێ و ئەبێ بە عەلی مەردان
هەر کەسێک هاتوو وتی: عاشقم بڕوا مەکە
حوکمەت توخوا ئەمساڵیش ملیۆن بارانم بکە
مەحزونی داوی ئەو پەریخانەم
کوشتەی جادەی ئەو دەربەندیخانەم
لایە لایەکەت ئەی وەی خەپەگیان بەیاسینم بێ
کچی مەعاش خۆر گەر جوانیش نەبێ بەنسیبم بێ
گولاڵە سورەی سەر کولمی یارم
ڕۆژانی مەعاش زیاتر غەمبارم